www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:30 8-3-2007

**با (8) ی مارس بکەینە رۆژی بەهێزکردن ئیرادەی ژنان و یەکێتی ریزەکانی رێکخراوەکانمان ... (مەکتەبی** کاروباری **ژنان) و (تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان)**

وەکو (مەکتەبی کاروباری ژنان و تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان) (8) ی مارس رۆژی جەژنی ژنانی جیهان لەسەرجەم ژنانی ئازادیخواز لەکوردستان و جیهاندا پیرۆز دەکەین و سەری رێز نەوازش لەبەرامبەر شەهیدانی رێگای تێکۆشانی ژنان دادەنەوێنین.

راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کەژنان رۆڵی کاریگەرییان هەبووە لەئافراندنی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا و هەوڵ و کۆششی بەردەوامیشیان داوە بۆ پاراستنی بەهاکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا و پێشختنیشیان، هەر ئەمەش بووە هۆکاری بەرزبوونەوەی پێگە و ستاتۆی ژن لەکۆمەڵگای دایکسالاریدا هەتا ئاستی بەخوداوەندبوون و بوون بە سمبۆڵی جوانی و چاکە وئافراندن و دادپەروەری. بەڵام لەگەڵ ئەو لادانەی کە لە ئاراستەی شارستانیەتدا روویدا و هاتنەکایەی کۆمەڵگا پلەداری و دروستبوونی دەوڵەت و تەشەنەکردنی مەیلی دەسەڵاتخوازی، ئیتر ژنان لە سایەی سیستەمی باڵادەستی پیاوسالاری خرانە پراوێزەوە و بەکۆیلەکران و لەهەموو بەهاکانی داماڵران و خرانە ناو چوار دیوارەوە و کران بە ناموس و شەرەف و موڵکی پیاو و خێڵ و خێزان و بەگەوهەر و ناسنامەی خۆیان نامۆکران. ئەم سیستەمە بۆ زیاتر لە پێنج (5) هەزار ساڵە بەشێوەیەکی سیستەماتیك کۆیلایەتی لە سەر ژنان بەرێوەدەبات.

بێگومان ژن لەگەوهەریدا هیچ کاتێك ئەو سیستەمەی پەسندنەکردووە. بۆیە هەمیشە کۆششی داوە بۆ پاراستنی گەوهەر و بەها مرۆییەکان و بەدەستخستنەوەی ناسنامەی رەگەزی خۆی. هەر بۆیە بەرەنگاری سیاسەتەکانی سیستەمی پیاو سالاری بۆتەوە و قوربانی و بەدەلێکی یەکجار زۆریشی لەوپێناوەدا داوە. نموونەی هەرەبەرچاویش ئەو چالاکییە مێژووییە بوو کە ژنانی کارگەی رستن و چینی شاری نیۆیۆرك لە (8) ی مارسی (1857) ئەنجامیاندا، کە تێدا دەستیان کرد بەئەنجامدانی رێپێوانێکی بەرفراوان کە دروشمی یەکسانی لەئەرك و مافدا و کەمکردنەوەی ماوەی کاریان بەرزکردبووەوە. بەڵام پاسەوانانی سیستەمی پیاو سالاری بەئاگر و ئاسن رووبەرووی ژنانی بەشداربووی ئەو رێپێوانە بیوونەوە و گریان تێ بەردان. ئەم چالاکییەی ژنان و ئەو رەفتارە نامرۆڤانەی کە رووبەڕوویان کرایەوە لەو رۆژەدا، هەست و سۆزی ژنانی لەهەموو جیهاندا وروژاند و هۆشیاری کردنەوە، بۆیە وەکو بەرزڕاگرتنی داواکارییەکانی ژنان، چەندین چالاکی جۆراوجۆر بەو بۆنەیەوە ئەنجامدرا. لەو بەروارە بەدواوەش بەرزراگرتنی ئەو رۆژە بەلای ژنانەوە بوو بەنەریتێك، هەتاکو ساڵی (1910) لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی ژناندا کە لەشاری (کۆپنهانگ) بەسترا، لەسەر پێشنیاری ژنە تێکۆشەری ئەڵمانی (کلارا زەتکین) ئەم رۆژە واتا (8) ی مارس کرا بە رۆژی جیهانی ژنان. دواتریش لەساڵی (1977) لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەم رۆژە بەفەرمی وەکو رۆژی جەژن و ئاشتی ژنان ناسرا.

وەکو دەزانن لەرۆژهەڵاتی ناوین و کوردستانیشدا، ژنان لەدۆخێکی زۆر ئاڵۆز و ناهەمواردان و بەدرەندەترین شێواز دەچەوسێنرێنەوە و لەژێر ناوی ناموس و شەرەفدا لەبەها مرۆییەکان داماڵراون و بێ ئیرادە و بێ وره و مۆراڵ و بێ رۆڵ و بێ کاریگەر کراون و خراونەتە دۆخێکی ترسناکەوە، رۆژانە بەنامرۆڤانەترین شێوە پاکتاوەدەکرێن و ناچاری خۆکوشتن و خۆسوتاندن دەکرێن. لەبەرامبەر ئەو رەوشەدا، ژنان بەجۆرەها شێواز برەویان بەتێکۆشانداوە و بەرەنگاری ئەو سیاسەتەی دەسەڵاتداران بوونەتەوە و لەکۆششی بەردەوامدان لەپێناوی دادوەری و یەکسانی و ئازادیدا. ژنانی کوردیش وێرای چەوسانەوەی نەتەوەیی و رێگری ئەقڵیەتی خێلایەتی، توانیویانە بەشێوەیەکی بەرچاو گور بەتێکۆشانی نەتەوەیی و رەگەزی بدەن، بەتایبەتی ژنان بەشێوەیەکی چالاك بەشداری بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان بەرێبەرایەتی "پەکەکە" لەهەر چوار بەشی کوردستاندا بوون. لەبەر ئەوەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەم بزووتنەوەیەدا رۆڵ و گرنگی تایبەت بەژنان و چارەسەرکردنی کێشەی رەگەزی دراوە، ئەوا ژنانیش لەئاستی هەرە بەرزدا توانیویانە برەو بەتێکۆشانی نەتەوەیی دیموکراتی و رەگەزی بدەن، بگرە توانیویانە لەبوارەکانی سیاسی، رێکخستنی و سەربازی، لەئاستی هەرە بەرزدا پێشەنگایەتی بکەن. ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ژنانی کوردستان و هەرێمەکە کردووە. بێگومان ئەمەش بۆ ئەو گرنگی و رۆڵە دەگەرێتەوە کە بەرێز (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) داویەتی بەپەروەردەکردنی ژنان و چالاك کردنیان لەبواری پێشەنگایەتیدا. ئاشکرایە کە بەرێزی یەکەم سەرکردەیە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کە بێوچان تێکۆشانی کردبێ لەپێناوی ئازادی ژناندا و بەشێوەیەکی بەرفرە و رادیکاڵانە سیستەمی پیاو سالاری شیکردووەتەوە و بەتوندیش رەخنەی کردووە. دیارە ئەم هەڵوێستەی "رێبەر ئاپۆ" سەرانی سیستەمی پیاو سالاری تورە و بێزار کردبوو، بۆیە هەموو توانستەکانیان خستەگەڕ بۆ دژایەتیکردن و دەستگیرکردن و رادەستکردنەوەی بەدەوڵەتی تورکیا. ئەمڕۆکەش بەشێوەیەکی نامرۆڤانە و بەدور لە ئەخلاق بەشێوەیەکی سیستەماتیك لەلایەنی دەوڵەتی تورکیا و ژەهرخوارکراوە و ژیانی لە مەترسیدایە.

ژنانی ئازادیخواز، رێکخراوەکانی ژنان

وەکو دەزانن گەلەکەمان بەگشتی و ژنان بەتایبەتی بەقۆناخێکی هەستیاردا تێدەپەڕن، راستە هەندێ دەستکەوت بۆ نەتەوەکەمان دەستەبەر کراوە و ژنانیش هەندێك هۆشیاربوونەتەوە و خاوەن چەندین رێکخراو و کۆمەڵەیین، بەڵام هەم مافی گەلەکەمان و هەمیش مافی ژنان بەتەواوی دەستەبەرنەکراوە. لەلایەك هێرش و پیلانەکانی وڵاتانی داگیرکەر لەسەر کوردستان درێژەیان هەیە، لەلایەکی تریشەوە رۆژانە لەژێر بیانوی جۆراوجۆردا ژنان رووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە و ناچاری خۆسوتاندن و خۆکوشتن دەکرێن. بۆیە داواتان لێ دەکەین (8)ی مارسی ئەمساڵ بکەینە هۆیەك بۆ بەهێزکردنی ئیرادەی ژنان و یەکێتی ریزەکانی رێخکراوەکانمان، وەك وەفادارییەکیش لەبەرامبەر ئەو رەنج و کۆششەی کە"رێبەر ئاپۆ" لەپێناوی ئازادی ژناندا داویەتی پێویستە ئەمرۆژە شکۆدار و پیرۆزە بکەینە رۆژی پاراستن و خاوەندارێکردن لە بەرێزی.

ئێمە وەکو (مەکتەبی کاروباری ژنان) و (تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان) گرێدرا و بەپەیامەکانی هەڤاڵی سەرکردەمان (ڤیان جاف) و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی ژنان (کلارا زەتکین، رۆزا لوکسەمبۆرگ، لیلا قاسم، زیلان، سەما، بێریتان، شیلان، ئەلفەتریا) و رێبازی ئاپۆییزم کە فەلسەفەی ژیانی ئازادی ژنانە، سۆز و پەیمانمان لەسەر برەودان بە تێکۆشانی ئازادی رەگەزی تازە دەکەینەوە.

- نا بۆ سیستەمی دەسەڵاتداری پیاوسالاری
- بەڵێ بۆ تێکۆشانی ئازادی ژنان
- بژی تێکۆشەری ئازادی رێبەر ئاپۆ

(مەکتەبی کاروباری ژنان) و (تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان) 8 / 3 / 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.